# مەملەكەتە ماتماتیكیەكەی عەشق ..!

***هێمن حمە جزا***

هێواش .. هێواش ،
عەشق ڕوتی كردینەوە !
ڕوت ڕوت،
تا .. ئاویش قێز لەشەرممان دەكاتەوە !
بە هێڵەكانی دەستمانا دیارە
تۆ .. لە ناو گومانەكانی منا دەژیت و
منیش .. لەناو ترسەكانی تۆدا !
ئەی یاخی ترین نهێنی !!
لە كۆڵانەكانی مەتەڵ و
لە گەڕەكەكانی پرسیاردا .. بۆ من مەگەڕێ !
گرە و لەگەڵ خەیاڵی هەفتەیەكدا مەكە
كە دەڵێت :
پڕم لە سێشەممان !!
ئەمێستاكە .. من ،
ماڵێكی شەرمنم ..،
بە تەنیشتن ئێوارەیەكی پەستەوە .
تنۆك تنۆك سەفەرم لێ ئەچۆڕێ و
چۆڕ چۆڕ ڕێگا ئەمخواتەوە !!
ئەی ناسكترین خەیاڵ .. تۆ لە كوێی ؟
لە كوێی ..،
تا .. لە شكری ئەو ئاوانە تێك بشكێنین ،
كە دەست نوێژی لە بیرچوونەوەیان
بە عەقیدەمان هەڵگرت ؟!
من ..
لە بۆ پریشكێكی جگەرەكێشت دەگەڕێم و

تۆش ..
له بۆ ئەو جێ پێیانە بگەڕێ ،
کە خاڵین لە ئومێد ..!
ئێستاکە لە ناو چەقی خۆمدا
دوبەشی تەواو .. یەکسانم !!
بەشێکم پڕە لە تۆ و
بەشەکەی تریشم ،
لە ناو تۆدا ..
هەناسەیەکی ئێجگار کورتە !
کاتێك .. خۆم لە تۆ دەردەکەم ،
هەر دەکەمەوە تۆ و
کاتێك .. خۆم لە خۆم دەردەکەم ،
هەر دەکەمەوە تۆ !
ئەمێستاکە ..
من .. تەواو نا بەڵەدم لەخۆم !!
بەبیرمدا دێ ..،
کاتێك گەرەکم بوو ،
خۆم لە ژێر ڕەگی عەشقدا دەربهێنم
دەمکردە تۆیەکی تەواو و
چەند کەرتێك لە خۆم !
بە بیرمدادێ ،
تۆم .. بە قەبارەی ماچێکی شەرمن
بچووك دەکردەوە !
تا .. بکەمەوە خۆم !
کەچی .. لە ئاوێتە بوونا ،
تەواو تەواو خاڵی ئەبوومەوە لە خۆم و
پڕاو پڕ دەمکردەوە تۆ !
بەبیرمدا دێ ،
من و تۆ خودا و گەردوون و سەفەربووین ..
کاتێك .. خۆم بەسەر ،

تۆ و خودا و گەردوون و سەفەرا .. دابەش ئەکرد ،
هەردەمکردەوە تۆ !
کاتێك .. تۆ بەسەر ،
من و خودا و گەردون و سەفەرا .. دابەش ئەبوویت ،
هەر دەمان کردەوە تۆ !
کاتێك .. خودا بەسەر ،
من و تۆ و گەردون و سەفەرا .. خۆی دابەش ئەکرد ،
هەر دەیکردەوە تۆ !
کاتێك .. گەردوون بەسەر ،
من و تۆ و خودا و سەفەرا .. خۆی دابەش ئەکرد ،
هەر دەیکردەوە تۆ !
کاتێك .. سەفەر بەسەر ،
من و تۆ و خودا و گەردوونا .. خۆی دابەش ئەکرد ،
هەر دەیکردەوە تۆ !
کەسمان تەریب نەئەبوینەوە بەخۆمان و
هەموو هەر دەمان کردەوە تۆ !!
لە بیرەوەری ماچدا ،
من .. پیرترین لێوم !!
ئۆقیانووسێکم لە تۆ و
بە تاڵ بەتاڵم ... لەخۆم !
کۆمەڵەکانی من ..
سەرتاپا پڕن لە حەرفەکانی تۆ !
خانەکانی من ..
لێوان لێون لە ژمارەکانی تۆ !
من .. هێمایەکم بۆ نەبوون و
تۆش .. نیشانەیەکی بۆ بوون !
ئیدی ..
من و تۆ لەم مەملەکەتەدا هاوکێشەیەکین ،
مەگەر ..
هەوەسەکانی ماچ و

ماتماتیکەکانی عەشق .. هاوسەنگمان کەن !
کەمێك لە پەنجەرەکانی خاڵی سفری خۆتەوە ،
تێم بڕوانە ..،
بزانە من بە تۆوە .. چیم پێ ئەکرێ ؟!
سەدان زەریا بەکەنارەکانیانەوە ،
لە ناو منا .. خۆیان جێ ئەکەنەوە !
سەدان موسافیر بە ڕێگاکانیانەوە ،
بەناو منا .. گوزەر ئەکەن !
سەدان منداڵ بە خەیاڵەکانیانەوە ،
لە ناو منا .. گەورەئەبن !
بزانە من بە تۆوە .. چیم پێ دەکرێ ؟!
هەزاران کچ ،
لە ناومنا .. بەختی خۆیان تاقی ئەکەنەوە !
هەزاران سێو ،
لە ناو منا .. خۆیان بە مزری ئەهێڵنەوە !
هەزاران کەشتی ،
لە ناو منا .. خۆیان لە لەنگەری ئاسودەیی‌دا دەگیرسێننەوە !
بزانە من بە تۆوە .. چیم پێ دەکرێ ؟!
ملیۆنان ئەستێرە ،
لە ناو منا .. فێری جریوانەوە ئەبن !
ملیۆنان ئێوارە ،
لە ناو منا .. (با)ی ڕۆمانسییەتیان تیادا هەڵئەکات !
ملیۆنان باوەڕ ،
لە ناو منا .. لەشپیسی خۆیان دەرئەکەن !
بزانە من بە تۆوە .. چیم پێ دەکرێ ؟!
من .. بە تۆوە دەتوانم !
بەباڵەکانی وەفا بفرم
بەدەستەکانی میهرەبانییەوە دوعا بکەم
بە زاکیرەی لێوەوە جگەرە بکێشم ..!
من .. بە تۆوە دەتوانم !

لەوديو ئايندەوە بژيم
مردن لە بیر ئارەزووەکانی وەهم بەرمەوە
ترسەکانی خودا لە نسیبدا دەربهێنم ..!
من .. بە تۆوە دەتوانم !
کۆڵانەکانی مێژوو سیاە چارەکەم
دەرگاکانی بەدبەختی قفڵ بدەم
ژوورەکانی دۆزەخ هەرەس پێ بهێنم ..!
ئەی ئاسودەترین خەیاڵ ،
پاکمکەرەوە لە خۆم !
بەر لەجەنگ ..
ڕۆژەکانم بەرە بۆ خۆت
نەبادا جەنگ بیانبات !
بەرلەمەرگ ..
نهێنییەکانم بەرە بۆ خۆت
نەبادا مەرگ بیانبات !
قەیناکە !!
دەستم لەدەستی ئەو هەورە بازنەییانە و
دەمم لەدەمی ئەو شۆڕشە لاتەرییانە و
قاچم لە جێ پێی ئەو هەنگاوە سێ گۆشەییانەو
لاشەم لەلاشەی ئەو حەقیقەتە لاکێشەییانە و
فرمێسکم لەئاوی ئەو شەونمە چوارگۆشەییانە و
قەدەرم لەقەدەری ئەو سەحرا بێ گۆشەییانە ..
جیاکەرەوە .. قەیناکە !
قەیناکە ،
بەبەرچاوی تیشکەکانی گەردون و
بەبەرچاوی هەناسەکانی ژیانەوە ..
پاکمکەرەوە .. قەیناکە !
من ..
گەرەکمە پاك ببمەوە لە خۆم و
لە ناو تۆدا بمرم !!

گەر لە ناوخۆتا بمکوژیت ،
سپێدەیەکم .. پڕپڕ لە عەشق !
ئێوارەیەکیشم .. پڕپڕ لە ماچ !
ئەی ئەرخەوانی ترین یار ،
لەناو خۆتا هەڵمبگرە .. !
من .. کتێبێکم بەبێ تەفسیر
من .. نیشتمانێکم بەبێ سنور
من .. گومانێکم بەبێ کوفر ..!
لە ناو گوناهەکانی خۆتا ،
بەبڕیارێکی ماچ هەڵمبگرە .. ئەی یار ،
من ماچێکم .. بۆ ئەبەد !
بە بڕیارێکی عەشق هەڵمبگرە .. ئەی یار ،
من عەشقێکم .. بۆ ئەبەد !
بە بڕیارێکی ژیان هەڵمبگرە .. ئەی یار ،
من ژیانێکم .. هەتا ئەبەد !!

مانگی ( 2001/9)
سلێمانی